# چوار یاریزان و ڕاهێنەرێکی کورد بەرەو هەڵبژاردەی عێراق دەچن

بە مەبەستی خۆئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانێتی یارییەکانی عەرەبی، کە لە وڵاتی قەتەر بەڕێوە دەچێت، یەکێتی پایسکلسواری عێراق بە هاوکاری یەکێتی پایسکلسواری لقی هەولێر ئۆردوگایەکی مەشقیان لە شاری هەولێر کردۆتەوە، بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتی کابۆدۆسیا تورکی بەشداری بکەن، بۆیە هەڵبژاردەی پایسکلسواری عێراق ئۆردوگایەکی مەشقی لە شاری هەولێر کردووە و تا ٢٩ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت، ئەم پاڵەوانێتییەی تورکیا چەندین وڵاتی ئەورووپی بەشداری تیاییدا دەکەن. لەم ئۆردوگا مەشقیە کە لە هەولێر بەڕێوە دەچێت ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران مەشق ئەنجام دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتووی جەستەیی یاریزانەکان.

بۆ ئەم مەبەستە دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراق ٩ یاریزانیان بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کردووە ئەوانیش ئەمانەن: عەلی حەمید (ڕاهێنەر)، عەبدولقادر نورەدین(یاریدەدەری ڕاهێنەر)، ئەحمەد حەسان(میکانیکی و چارەسەر)، یاریزانان (موحسین فازل، ئەحمەد موهند، محەمەد سالم، ئەیمن ڕەعد، عەبدوڵڵا خدر، سلێمان سامی، مایسمۆ فەریق، ئامانج شێرزاد، یوسف عەزیز)

جێگەی باسە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق سێ یاریزانی یانەی هەولێر(ئامانج شێرزاد، مایسمۆ فەریق، سلێمان سامی ) و یاریزانێکی یانەی سۆلاف( یوسف عەزیز) و ڕاهێنەری یانەی هەولێر( عەبدولقادر نورەدین) بۆ ئەم هەڵبژاردەیە بانگهێشت کراون.



# ئەمڕۆ هەولێر دەبێتە میوانی موسڵ و

لە چوارچێوەی یارییە دواخراوەکانی خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی، وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە سێ یاری گرنگ بەڕێوە بچێت، کە تیاییدا یانەی هەولێر خاوەنی پلەی یەکەمی کۆمەڵەی یەکەم، دەبێتە میوانی یانەی موسڵ لە یاریگەی جامعە لە شاری موسڵ، ئەم یارییە بۆ هەردوو یانەکە زۆر گرنگە، چونکە بە دەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکەی یانەی هەولێر تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بۆ یاری کۆتایی مسۆگەر دەکات. لە بەرانبەردا یانەی موسڵیش هەوڵ دەدات لە دابەزین بۆ خولی پلە یەکەکانی عێراق دووربکەوێتەوە و، تەنیا پێویستی بە سەرکەوتن هەیە، لە یارییەکی تردا یانەی دهۆك لە یاریگەی دهۆك میوانداری یانەی سەناعە دەکات، ئەم یارییە بۆ یانەی سەناعە چارەنووسسازە، چونکە هەوڵ دەدات سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و چاوەڕوانی دۆرانی یانەی هەولێر دەکات بۆ ئەوەی جیاوازی خاڵەکان لەگەڵ یانەی هەولێر کەم بکاتەوە و جێگەی لە



# له هەولێر هەڵبژاردەی عێراق میـ

لە چوارچێوەی یارییەکی دۆستانەی خۆ ئامادەکاریدا. ڕۆژی چوارشەممە لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری لە شاری هەولێر هەڵبژاردەی عێراق میوانداری هەڵبژاردەی سوریا دەکات.

لەم یارییە ڕاهێنەری سیدکا یاری بە گشت یاریزانە پیشەگەرەکان دەکات و هەروەها چەند یاریزانێکی خولی بژاردەی عێراق تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئاستیان بێت، چونکە دوای ئەم یارییە چەند یاریزانێك لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق دووردەخاتەوە و ناتوانن لە ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق لە تورکیا بەشدار بن و هەروەها ئەم یارییە خۆئامادەکردنە بۆ یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤، کە لە وڵاتی بەرازیل بەڕێوەدەچێت. جێگەی باسە ڕاهێنەری سیدکا تەنیا دوو مانگی لە گرێبەستی لەگەڵ یەکێتی تۆپی



## دهۆک میوانداری سەناعە دەکات



پلەی دووەمی ریزبەندی خولی عێراق جێگیر بکات. لە بەرانبەردا یانەی دهۆك ئەم یارییە بە بێ بوونی هیچ فشارێك ئەنجام دەدات و سەرکەوتن واتە دوورکەوتنەوە لە دابەزین بۆ خولی پلە یەکی عێراق و تا ئێستا زیاتر لە شەش یاری دواخراوی ماوە.

لە چوارچێوەی یارییەکانی کۆمەڵەی دووەم رۆژی دووشەممە یانەی مینا میوانداری یانەی تەڵەبە دەکات، ئەم یارییە بۆ یانەی تەڵەبە چارەنووسسازە، چونکە لە دابەزین بۆ خولی پلە یەکەکانی عێراق نزیکە و پێویستی بە سێ خاڵی یارییەکە هەیە، بۆ ئەوەی مانەوەی خۆی لە خولی بژاردەی عێراق مسۆگەر بکات. لە بەرانبەردا یانەی مینا هیچ فشارێکی لەسەر نییە و کاریگەری لەسەر ریزبەندی یانەکە لە کۆمەڵەی دووەم ناکات.

تێبینی: یارییەکانی خولی بژاردەی عێراق کاتژمێر ٤,٣٠ خولەکی ئێوارە بەڕێوە دەچێت.

## ...وانداری هەڵبژاردەی سوریا دەکات



پێی عێراق ماوە و تا ئێستا گرێبەستەکە نوێنەکراوەتەوە.

## مەهدی کەریم بۆ چارەسەرکردن گەیشتە قەتەر

هەفتەی رابردوو ئەستێری تۆپی پێی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق مەهدی کەریم بەرەو وڵاتی قەتەر بەرێکەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە ئەژنۆی چەپیدا.

ماوەیەکی زۆرە مەهدی کەریم تووشی پێکان هاتووە، بەڵام لەبەر یارییەکانی یانەی هەولێر لە خولی عێراق و جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ، ئەم نەشتەرگەری دواخست. بە پێی پێشبینیەکان ئەم یاریزانە لە ماوەی ١٠ تا ١٥ رۆژ لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە و واتە لە یارییەکانی داهاتووی یانەی هەولێر لە خولی بژاردەی عێراق ناتوانێت بەشداری بکات، تەنیا لە یاری کۆتایی نەبێت و لە یارییە دۆستانەکەی هەڵبژاردەی عێراق لەگەڵ هەڵبژاردەی سوریا، بەشداری ناکات و لە ئۆردوگای مەشقی هەڵبژاردەی عێراق لە تورکیاش بەشدار نابێت.

جێگەی باسە وڵاتی قەتەر یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بواری چارەسەرکردنی یاریزانان لە کاتی پێکان و بە تایبەتی نەخۆشخانەی ئەسپیتار، کە بەناوبانگترین یاریزانە جیهانییەکان روو لەم نەخۆشخانەیە دەکەن بۆ چارەسەر کردنیان لە پێکان و دووبارە گەڕانەوەیان بۆ نێو یاریگا.



## یاریزانانی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق بۆ تێنسی سەرزەوی کران

دوای ئەوەی پاڵەوانێتی شارەکانی عێراق لە شاری بەغدا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان بۆ کوڕان بەڕێوەچوو، بە بەشداریکردنی ١٦ یاریزان، لەم پاڵەوانێتییەدا یاریزانە کوردەکانی باڵە توانیان پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بە دەستبهێنین و نازناوی پاڵەوانێتییەکە مسۆگەر بکەن و بانگهێشتی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق بکرێن، هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق لە چوار یاریزان پێکهاتووە و سێ یاریزان لەوانە کوردن، ئەویش هەریەکە لە یاریزانان سان تەحسین و مستەفا مەحمود لە شاری هەولێر و محەمەد حەیدەر لە شاری کەرکووك بانگهێشت کراون. شانبەشانی ئەو یاریزانانە یاریزانێکی تر بە ناوی یانی یوحنا لە شاری بەغدا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوە.

ئەم هەڵبژاردەیە لە پرۆگرامیدایە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی ئاسیا و عەرەب بکات بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی داهاتوو ئۆردوگایەکی مەشقی لە تورکیا ئەنجام دەدرێت.









# خشتە و کاتی یارییەکانی کوپا ئەمریکا ٢٠١١ بەکاتی کوردستان

لە ماوەی ١ تا ٢٤ ی مانگی تەمموزی داهاتوو یاریگاکانی وڵاتی ئەرژەنتین میوانداری یارییەکانی کوپا ئەمریکا ٢٠١١ دەکات بەشداری ١٢ هەڵبژاردە کە ١٠ هەڵبژاردەی کیشوەری ئەمریکای باشوور(ئەرژەنتین – بەرازیل – ئۆرگوای – ئیکوادۆر – پاراگوای – پیرۆ – چیلی – کۆلۆمبیا – ڤەنزویلا – پۆلیڤیا) لەگەڵ دوو هەڵبژاردەی میوان(مەکسیک – کۆستاریکا) کەبانگهێشتی ئەم پاڵەوانەتیە کراون، ئەمەش خشتەی یارییەکانە بە کاتی کوردستان :

### یارییەکانی قۆناغی هەشتەم

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا | ژمارەی یاری |
|---|---|---|---|---|
| شەممە ١٦-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو | یەکەمی گروپی ١ – یەکەم باشترین سێیەمی گروپەکان | ماریۆ کێمپس | S1 |
| شەممە ١٦-٧-٢٠١١ | ١,١٥ ی شەو | دووەمی گروپی ١ – دووەمی گروپی ٣ | جەنرال لۆپێز | S2 |
| یەکشەممە ١٧-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو | یەکەمی گروپی ٢ – دووەم باشترین سێیەمی گروپەکان | سیوداد دی لاپلاتا | S3 |
| یەکشەممە ١٧-٧-٢٠١١ | ١,١٥ ی شەو | یەکەمی گروپی ٣ – دووەمی گروپی ٢ | دیل بیسنتیناریۆ | S4 |

### یارییەکان قۆناغی پێش کۆتایی

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا | ژمارەی یاری |
|---|---|---|---|---|
| سێشەممە ١٩-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | براوەی S1 – براوەی S2 | سیوداد دی لاپلاتا | G1 |
| چوارشەممە ٢٠-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | براوەی S3 – براوەی S4 | مالڤیناس ئەرژەنتیناس | G2 |

### گرووپی یەکەم : ئەرژەنتین – کۆلۆمبیا – پۆلیڤیا – کۆستاریکا

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا |
|---|---|---|---|
| هەینی ١-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان٢٠١١ | ئەرژەنتین - پولیڤیا | سیوداد دی لاپلاتا |
| شەممە ٢-٧-٢٠١١ | ٩,٣٠ ی شەو | کۆلۆمبیا - کۆستاریکا | ٢٣ ی ئۆگۆستۆس |
| چوارشەممە ٦-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان٢٠١١ | ئەرژەنتین - کۆلۆمبیا | جەنرال لۆپێز |
| پێنجشەممە ٧-٧-٢٠١١ | ١,١٥ی شەو | پولیڤیا - کۆستاریکا | ٢٣ ی ئۆگۆستۆس |
| یەکشەممە ١٠-٧-٢٠١١ | ١٠ی شەو | کۆلۆمبیا - پۆلیڤیا | جەنرال لۆپێز |
| دووشەممە ١١-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | ئەرژەنتین - کۆستاریکا | ماریۆ کێمپس |

### گرووپی دووەم : بەرازیل – پـ

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان |
|---|---|
| یەکشەممە ٣-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو |
| یەکشەممە ٣-٧-٢٠١١ | ١٢,٣٠ی شەو |
| شەممە ٩-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو |
| شەممە ٩-٧-٢٠١١ | ١٢,٣٠ ی شەو |
| چوارشەممە ١٣-٧-٢٠١١ | ١,١٥ی شەو |
| چوارشەممە ١٣-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان |










## یاری پلەی سێیەم و چوارەم

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا | |
|---|---|---|---|---|
| شەممە ٢٣-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو | دۆڕاوی G1 – دۆڕاوی G2 | سیوداد دی لاپلاتا | |

## یاری کۆتایی

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا | |
|---|---|---|---|---|
| یەکشەممە ٢٤-٧-٢٠١١ | ١٠ ی شەو | براوەی G1 – براوەی G2 | ئەنتۆنیۆ لیبەرتی | |

## ـــاراگوای – ڤەنزویلا – ئیکوادۆر

| هەڵبژاردەکان | یاریگا |
|---|---|
| بەرازیل - ڤەنزویلا | سیوداد دی لاپلاتا |
| پاراگوای - ئیکوادۆر | جەنرال لۆپێز |
| بەرازیل - پاراگوای | ماریۆ کێمپس |
| ئیکوادۆر - ڤەنزویلا | پیدرۆ ئەرنیستۆ ماتارینا |
| پاراگوای - ڤەنزویلا | پیدرۆ ئەرنیستۆ ماتارینا |
| بەرازیل - ئیکوادۆر | ماریۆ کێمپس |

## گرووپی سێیەم: ئۆرگوای – چیلی – پیرۆ – مەکسیک

| رۆژ و مێژوو | کاتی یارییەکان | هەڵبژاردەکان | یاریگا |
|---|---|---|---|
| دووشەممە ٤-٧-٢٠١١ | ١,١٥ی شەو | ئۆرگوای - پیرۆ | دیل بیسنتیناریۆ |
| دووشەممە ٤-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | چیلی - مەکسیک | دیل بیسنتیناریۆ |
| هەینی ٨-٧-٢٠١١ | ١,١٥ی شەو | ئۆرگوای - چیلی | مالڤیناس ئەرژەنتیناس |
| هەینی ٨-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | پیرۆ - مەکسیک | مالڤیناس ئەرژەنتیناس |
| سێشەممە ١٢-٧-٢٠١١ | ١,١٥ی شەو | چیلی - پیرۆ | مالڤیناس ئەرژەنتیناس |
| سێشەممە ١٢-٧-٢٠١١ | ٣,٤٥ی بەرەبەیان | ئۆرگوای - مەکسیک | سیوداد دی لاپلاتا |



# لە هەولێر.. پاڵەوانێتی وەرزشی ساڵانەی سابیسی نێودەوڵەتی تەواو بوو

لەیاریگەکانی قوتابخانەی شـویفاتی نێودەوڵەتی لـە هەولێر، چالاکییەکانی سێیەم پاڵەوانێتی وەرزشی ساڵانەی گرووپی ناوەندە پەروەردەییەکانی سابیس لە هەرێمی کوردستان کۆتایی هات.

ئەمســاڵ پاڵەوانێتی سابیسی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان چەندین یاری وەرزشی لە خۆگرتبوو بە بەشـداری سەرجەم ناوەندە پەروەردەییەکانی سابیس، کە بریتی بوون لە یارییەکانی تۆپی پێ و تۆپی سەبەتەو تۆپی بالە و تێنس و راکردنی ١٠٠ مەتری و مەلەوانی ٥٠ مەتر بۆ کوڕان و ٢٥ مەتر بۆ کچان.

دوای رکابەرییەکی بەهێز ئەنجامەکانی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە بوو:

تۆپی پێ:

١-زانکۆی سابیس هەولێر، ٢-قوتابخانەی سەردەمی نێودەوڵەتی دهۆك

تۆپی سەبەتە:

١-زانکۆی سابیس هەولێر، ٢-قوتابخانەی شویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر

تۆپی بالە:

١-قوتابخانەی شویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر، ٢-قوتابخانەی فاخیر مێرگەسۆری نێودەوڵەتی هەولێر

تێنس (کوڕان):

١-عیمادەدین نورەدین قوتابخانەی شویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر، ٢-زیاد عوسمان قوتابخانەی شویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر

تێنس (کچان):

١-پەرویــن عەبدولرەحمان قوتابخانەی ســەردەمی نێودەوڵەتی دهۆك، ٢-رۆژ رۆمیۆ قوتابخانەی سەروەرانی نێودەوڵەتی هەولێر

راکردنی (١٠٠مەتر)ی:

١- سەلام عەبدولرەحمان قوتابخانەی سەردەمی نێودەوڵەتی دهۆك، ٢-محەمەد ئەسعەد قوتابخانەی شویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر

مەلەوانی (٥٠ مەتر)کوڕان:

١- محەمەد ئەســعەد قوتابخانەی شــویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر، ٢- شێڤان رەشید قوتابخانەی سەردەمی نێودەوڵەتی دهۆك.

مەلەوانی (٢٥ مەتر) کچان:

١- شــلێر عەبدولرەحمان قوتابخانەی شــویفاتی نێودەوڵەتی هەولێر، ٢- جوان حوسنی قوتابخانەی فاخیر میرگەسۆری نێودەوڵەتی هەولێر

لەئاهەنگێکــی بەرفراواندا دوای تەواوبوونــی پاڵەوانێتییەکە، رائید مەحموود نوێنەری کۆمپانیای سابیس-ی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردســتان، خــەڵات و دیاری و جامی بەســەر تیپ و یاریزانــە براوەکاندا دابەشکرد.

شایانی باسە کۆمپانیای سابیسی نێودەوڵەتی، قوتابخانە و ناوەندی پەروەردەیی لە ١٥ وڵاتی جیهانی لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکای باکوور و ئەفریقیادا هەیە، ئەم کۆمپانیایە بایەخێکی بەرچاو بە چالاکییە وەرزشی و هونەرییەکان دەدات، وەکو هۆکارێکی یاریدەدەری گرنگ بۆ پرۆســەی سەرخستنی پەروەردەیی و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی و خوێندکاران.

# هەڵەبجەی شەهید بۆ خولی پلە یەکەکانی کوردستان سەرکەوت



لە شــاری هەولێر یاری سەرکەوتن بۆ ریزی یانەپلە یەکەکانی کوردستان لە خولی پلە دووەکانی کوردســتان لە نێــوان هەردوو یانەی هەڵەبجەی شــەهید و ئاکرێ بەڕێوەچوو، لەم یاریەشــدا یاریزانانی یانەی هەڵەبجە بەســەرکردایەتی ڕاهێنەری یانەکە، ئەرســلان جەلال توانیان یارییەکــە ببەنەوە و خۆیان بگەیننە ریزی یانەپلە یەکەکانی کوردستان. ئەمەش بۆ یەکەمجارە دوای هەشت ساڵ دابڕان لە خولی پلە یەکەکان، ئەنجامەکەش دوو گۆڵی بێ بەرانبەر بوو، گۆڵەکانی هەڵەبجەی شەهید لە رێگەی یاریزانان (کەنعان ئیسماعیل وهۆشمەندجەلال) تۆمار کرا.

لەمبارەیەوە ئەرســلان جەلال بۆ فایلی وەرزشــی گوڵان گوتی: ئێمە لە سەرەتای خولەکە ئامانجمان گەیشــتن بوو، بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان، ســوپاس بۆ خوای گەورە بە توانای یاریزانان و دەستەی کارگێڕی دوای هەشت ساڵ توانیمان خۆمان بگەینە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، چاوەڕوانی یاری نێوان یانەی مەخمور و ئاکــرێ دەکەین بــۆ ئەوەی یاری کۆتایی خولی پلــە دووەکان ئەنجام بدەین کە ئەویش لەســەر یاریگەی خۆمانە، بۆ ئەوەی بتوانین نازناوەی خولی پلە دووەکانی کوردستان بە دەست بهێنین.

# پاڵەوانێتی جۆدۆی یانەکانی کەرکووک ئەنجامدرا

بەسەرپەرشــتی لقی کەرکوکی یەکێتی جــۆدۆی عێراقی و بە بەشداری ٣٤ یاریزان و هەریەك لە یانەکانی (کەیوان، باباگوڕگوڕ، عومال، خاك، ســەورە، ســۆلاڤی نوی) لە هۆڵی عەبدوڵلازیاب ململانێی یاریزانەکان بەرێوەچوو، لەســەر ئاستی بێچوەشێران و تازەپێگەیشــتوان و لاوان، لە رۆژانی پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشــداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پیشــکەش بکەن و ئەنجامی کۆتایی، یانە بەشداربووەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو .

ئاستی بێچوەشێران

١-یانەی ســۆلاڤی نــوی ٢٥خــاڵ، ٢-یانــەی باباگوڕگوڕ ٢٠خاڵ.

ئاستی تازەپێگەیشتوان

١-یانەی خاك ٢٠خاڵ، ٢-یانەی عومال ١٥خاڵ

ئاستی لاوان

١- یانەی سەورە ٢١خاڵ، ٢-یانەی کەیوان ١٨خاڵ.

لە کۆتایش خەڵات ودیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا .



# لە دهۆک پاڵەوانێتی بلیاردی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو

لە شاری دهۆك بەسەرپەرشـــتی یەكێتی ناوەندی بلیاردی كوردســـتان و بە هاوكاری لقی دهۆكی یەكێتی بلیارد و بە بەشداری ٢٨ یانەی هەریەك لە شارەكانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، كەركوك)، بەبەشداری زیاتر لە ٥٤ یاریزانی یانەكان، پاڵەوانێتی بلیاردی یانەكانی كوردســـتان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵی هوتێلی شام ئەنجامدرا، بۆ هەردوو ئاستی لاوان و پێشكەوتووان و یانەكانیش بەسەر دووگروپ دابەشكران، گروپی لاوان بە سیستەمی یاری بلاك وهەشـــت تۆپی یارییان دەكرد و گروپی پێشـــكەوتووانیش بە سیستەمی سنۆكەری ئەمریكی یارییان دەكرد، ئەنجامی كۆتایی یانەكانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو .

ئاستی لاوان

١-یانەی ئاشـــتی، ٢-یانەی ئارارات، ٣-یانەی ســـەرچنار، ٣-یانەی ئاڵتون كۆپری

ئاستی پێشكەوتووان

١-یانەی ئارارات، ٢-یانەی بروســـك، ٣-یانەی سلێمانی، ٣-یانەی پێشمەرگەی هەولێر

# سێ یاریزانی کورد
# بەشداری پاڵەوانێتی پێنج پرێسی ئاسیا دەکەن

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە شاری بەغدا سێ یاریزانی كورد بەشداریان كرد لە پاڵەوانێتی پێنج پرێسی عێراقی لە شاری بەغدا، هەر یەك لە یاریزانانی هەڵبژاردەی هەولێر (فوئاد فەرهاد، مەحمەد فەتاح، چالاك حســـێن) توانیان بەشـــداری ئەو پاڵەوانێتیە بكەن و دەستنیشـــان بكرێن، بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق بە مەبەســـتی بەشداری كردنیان لە پاڵەوانێتی ئاســـیا، كە لە مانگی هەشتی داهاتوو لە وڵاتی تایـــوان بەڕێوە دەچێت لـــەم پاڵەوانێتییـــەدا یاریزانانی هەولێر توانیان پلەكانی پێشەوە لە كێشەكانی ٦٦ و ٧٤ و ٨٣ بـــە دەســـت بهێنن وەكو نوێنەری عێراق و كوردســـتان بەشـــداری ئـــەو پاڵەوانێتییـــە بكـــەن ، فوئاد فەرهاد لە كێشـــی ٦٦كلگم توانی ١٦٠كیلۆ بەرزبكاتەوە و یاریزان مەحمەد فەتاح لە كێشـــی ٧٤كگـــم توانی ١٥٥كگم بەرزبكاتەوە یاریزان چالاك حوســـێن لە كێشی ٨٣ كگم توانی ١٨٠ كگم بەرزبكاتەوە، لەم بارەیەوە فەتحی عەباس سەرۆكی یەكێتی هێزی لەشـــی كوردستان بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند: یاریزانانی شـــاری هەولێر توانیان ئاســـتێكی بەرز پێشـــكەش بكەن و خۆیان لەپلەكانـــی یەكەم ببیننەوە ئێمەش پاڵپشتیان بووین، كە توانیان بگەنە ریزی هەڵبـــژاردەی عێراق. لە ڕۆژی ٨-٨ لە وڵاتی تایوان بەشـــداری پاڵەوانێتی ئاسیادا بكەن، ماوەی هەشـــت ڕۆژیش پێش پاڵەوانێتییەكە ئەو یاریزانانە لە شـــاری بەغدا، بەشداری كەمپێكی مەشـــقی دەكـــەن دواتر بەرەو وڵاتی تایوان بەرێ دەكەون.

